بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

عَمَّ يَتَسَاءلُونَ ﴿1﴾

(ئەو خەڵکە) دەربارەی چی لە یەکتر دەپرسن؟

عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ ﴿2﴾

دەربارەی هەواڵە گەورەو گرنگەکە!!

الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ﴿3﴾

لە حاڵێکدا کە ئەوانە ڕاو بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی هەیە.

كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿4﴾

نەخێر، وا بۆیان نالوێت، لە داهاتویەکی نزیکدا خۆیان دەبیننەوەو ڕاستیەکانیان بۆ دەردەکەوێت.

ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿5﴾

بەڵێ.. لەوەودوا، لە داهاتویەکی نزیکدا خۆیان دەبیننەوەو ڕاستیەکانیان بۆ دەردەکەوێت.

أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا ﴿6﴾

پێش باسی قیامەت، پەروەردگار گەشتێکیان بەناو دروستکراوان و دیاردەکاندا پێدەکات و دەپرسێت: ئایا زەویمان وەك لانکە بۆ فەراهەم نەهێناوە؟

وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿7﴾

(ئايا) كێوەكانمان وەك مێخ بۆ دانەكوتاون؟ (تا زەوی بپارێزێت لە فشاری بوركان و مادده تواوەكانی ناخی زەوی، هەروەها تا لەنگەری زەوی ڕابگرێت و چەندەها سودی ترتان پێبگەیەنت).

وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا ﴿8﴾

(ئايا) ئێوەمان بە جووت دروست نەكردووە؟

وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴿9﴾

وە خەوتنمان بۆ نەكردوون بەهۆی سرەوتن؟

وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا ﴿10﴾

(ئايا) شەوگارمان بۆ نەكردوون بە پۆشاك، كە تيايدا دەشاردرێنەوە؟

وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا ﴿11﴾

(ئايا) ڕۆژیشمان بۆ نەكردونەتە هۆی ژيان و هەوڵ و كۆشش بۆ بەدەست هێنانی ڕزق و ڕۆزيی؟

وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴿12﴾

(ئايا) حەوت چين ئاسمانی بەهێزو پتەومان بە ڕا سەرتانەوە دروستنەكردووە؟

وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴿13﴾

(ئايا) چرايەكی پرشنگدارمان بۆ فەراهەم نەهێناون؟

وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا ﴿14﴾

(ئایا) لە هەورە گوشراوەکان بارانمان نەباراندووە؟

لِنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا ﴿15﴾

تا بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها دانەوێڵەو ڕووەك بڕوێنین.

وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا ﴿16﴾

باخ و باخاتی چڕو پڕو لە یەك ئاڵاو بەدی بێنین.

إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا ﴿17﴾

(ئینجا دێتە سەرباسی هەواڵە گرنگ و سامناکەکە): بەڕاستی ڕۆژی جیاکردنەوە، کاتێکی دیاری کراوە (بۆ جیاکردنەوەی چاکان لە خراپان، ئیمانداران لە کافران، ستەمکاران لە ستەملێکراوان).

يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ﴿18﴾

ئەو ڕۆژەی کە فوو دەکرێت بە (صور)دا پۆل پۆل و دەستە دەستە بەرەو مەیدانی لێپرسینەوە بێپەروا دەچن.

وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا ﴿19﴾

ئاسمان دەکرێتەوەو دەبێتە دەروازەو دەرگای هاتنە دەرەوەی فریشتەکان.

وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴿20﴾

کێوەکانیش هەڵدەکەنرێن و دەڕۆن بە ئاسماندا وەك تراویلکەو سەرابێکی گەورە.

إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ﴿21﴾

(لەولاشەوە) دۆزەخ دەمێکە (چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە)و خۆی بۆ مە سداوە.

لِلْطَّاغِين مَآبًا ﴿22﴾

دەبێتە مەنزڵگای خوانەناس و یاخیەکان.

لَابِثِينَ فِيهَا أَحْقَابًا ﴿23﴾

هەزارەها ساڵی دوررو درێژ و نەبڕاوەی تیا دەبەنە سەر.

لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴿24﴾

لەناو دۆزەخدا ناچێژن فێنکاییەك، یا خواردنەوەیەکی بەتام.

إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ﴿25﴾

جگە لە ئاوی لەکوڵ و کێم و زوخاو.

جَزَاء وِفَاقًا ﴿26﴾

(ئەویش) پاداشتێکی لەبارو پڕاو پڕە بۆ (خوانەناسان).

إِنَّهُمْ كَانُوا لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴿27﴾

چونکە ئەوانە کاتی خۆی بەتەمای ئەم ڕۆژەو لێپرسینەوەیە نەبوون، حەزیان لە باسی نەدەکرد.

وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كِذَّابًا ﴿28﴾

بەڵکو ئایەتەکانی ئێمەیان زۆر بە توندی بەدرۆ دەخستەوە و (دژایەتیان دەکرد).

وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ كِتَابًا ﴿29﴾

ئێمەش هەموو شتێکمان لەسەریان سەرژمێری کردووەو بەوردیی تۆمارمان کردووە.

فَذُوقُوا فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴿30﴾

(پاشان پێیان دەوترێت) دە چێژن (ئەی خوانەناسان) لەسزاو ئازارو ئەشکەنجە بەولاوە، هیچی ترتان بۆ زیاد ناکەین.

إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿31﴾

(لەولاشەوە) بۆ خواناس و پارێزکاران سەرفرازیی و خۆشی و شادی و کامەرانی ئامادەیە.

حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا ﴿32﴾

باخ و باخات و باخچەی جوان و ڕازاوە کە بە کەپری ڕەزو هێشوە تریَ نەخشاوە.

وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿33﴾

(لەو جێگەو ڕیگە خۆشانەدا هاوسەرو هاودەمی) ئافرەتانی سینە جوان و (ڕەوشتجوان و دیمەن جوان و) هاوتەمەن (ئامادەیە).

وَكَأْسًا دِهَاقًا ﴿34﴾

لەگەڵ کاسەی پڕ لە شەرابی تایبەتیدا.

لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّابًا ﴿35﴾

لەو بەهەشتەدا هیچ جۆرە کردارو گوفتارو رەفتارێکی نابەجێ، یاخود بەدرۆخستنەوەیەك نابیسن.

جَزَاء مِّن رَّبِّكَ عَطَاء حِسَابًا ﴿36﴾

ئەمەش هەمووی پاداشتێکە لەلایەن پەروەردگارتەوە (ئەی ئیماندار) بەخششێکە بە حسابێکی وورد دەبە خشرێت (بە بەختەوەران).

رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الرحْمَنِ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا ﴿37﴾

(لەلایەن) پەروەردگاری میهرەبانی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە، (ئەو ڕۆژە) کەس ناتوانێت لەبەردەم زاتی (پەروەردگارا) بدوێت.

يَوْمَ يَقُومُ الرُّوحُ وَالْمَلَائِكَةُ صَفًّا لَّا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرحْمَنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴿38﴾

ڕۆژێك دێ کە جوبرەئیل و فریشتەکان بەڕێز دەوەستن و ورتەیان لێنایەت و هیچ قسە ناکەن، مەگەر ئەوەیان کە خوای میهرەبان مۆڵەتی بدات و قسەی جوان و بەجێ پێشکەش بکات.

ذَلِكَ الْيَوْمُ الْحَقُّ فَمَن شَاء اتَّخَذَ إِلَى رَبِّهِ مَآبًا ﴿39﴾

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی حەق و ڕاستەو بەڕێوەیە..جا ئەوەی دەیە وێت با بەرەو لای پەروەردگاری هەنگاو هە بگرێت.

إِنَّا أَنذَرْنَاكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ يَنظُرُ الْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ الْكَافِرُ يَا لَيْتَنِي كُنتُ تُرَابًا ﴿40﴾

ئێمە ئێوەمان ئاگادار کردووە لەوەی کە سزایەکی نزیك بەڕێوەیە، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە ئادەمیزاد سەیری دەسپێشکەری خۆی دەکات، کافر و خوانەناسیش دەڵێت.. خۆزگە هەر خاك بومایە (ئاوا زیندوو نەکرامایەتەوەو گیرم نەخواردایە).